# دیداری کوردستان نێت لەگەڵ هونەرمەند دیاری قەرەداغی

**دیاری قەرەداغی بۆ کوردستان نێت :**

**(من هەڵگری کەمێك حەزو مشتێ ئاوازو باوەشێك هەستم)**

**سازدانی دیدار / بەختیار شێخ مستەفا**

رۆحێکی سەرکێش لەناو ڕوخسارێکی هێمن دا , کەباس لە گۆرانی وموزیك دەکات ئیتر بیری دەچێتەوە کە کەمێك لەوەوبەر لەگەرمەی پێکەنین و گاڵتەوگەپدا بوین ! کتوپڕ دەبێتە کەسێکی تر , لەهەمو بابەتێکی تردا رۆحێکی قۆشمەی تێدایە بەڵام لەسەر موزیك و گۆرانی زۆر بەتوندی قسە دەکات , هەمیشە کۆمەڵێك ناڕەزایی هەیە لەسەر بارودۆخی هونەری ئێرە , پێدەچێت ڕەنگدانەوەی ئەو بارە بێت کەرێگەی ئەم زۆر دورودرێژ و پڕ نارەحەتی بوە تا ئەوکاتەی بەخەڵك ئاشنا بوە .

دیاری قەرەداغی لە دوای ڕاپەڕینەوە خەڵك بەکارەکانی ئاشنا بوو , گەرچی ئەو ماوەیەکی زۆر بەر لەوکاتە خۆی ئامادەکردبو ..بەهەرحاڵ لەو کاتەوە بەردەوام حوزوری هەبوە و چەند کارێکی جوانی پێشکەشکردوە کە دواهەمینیان ئەلبومی ( بۆنی خاك ) ە , بۆنی خاك دوا وێستگەی دیاری نەبو گەرچی قۆناغێکی گرنگە لە بەرهەمەکانی ,ئەلبومی بۆنی خاك مشتومڕێکی هونەری زۆری دروستکرد و کۆمەڵێکی زۆر لە نوسەران ورۆشنبیران لەسەر ئەو ئەلبومەیان نوسی و هاوکات زۆرێك لە گۆرانیبێژو موزیکزانە بەناوبانگەکان ئەم بەرهەمەیان بەرز هەڵسەنگاند لەوانە هونەرمەندان ( مەزهەری خالقی , ناسری ڕەزازی و د. دلشاد محمد سعید و مایسترۆ نەجات ئەمین ) .. و ئێستاش لەبەرگێکی زۆر نایابدا ئەلبومێکی نوێی چاپکردوە هەرچەندە تا ئێستا نەکەوتۆتە بازاڕەوە , ناونیشانی ئەلبومەکە ( نیشتمانێك لەگوڵ )ە .. پێش ئەوەی ئەلبومەکەی بکەوێتە بازاڕەوە , لەماڵی خۆیان و لەپاش ئەوەی پێکەوە گوێبیستی هەموو گۆرانیەکانی ئەم ئەلبومە بوین , کەوتینە باسکردنی سەرجەم بەرهەمەکە .. پاشان بەمەبەستی زیاتر ئاشنابون بەکارەکان و چۆنێتی رێبازی کارکردنی ( دیاری ) ئەم چاوپێکەوتنەمان سازدا :

**کوردستان نێت :** دەکرێ باس لە تازەترین بەرهەمت کە سیدی ( نیشتمانێك لە گوڵ ) ە بکەیت .

**دیاری قەرەداغی:** پاش ئەوەی ئەلبومی ( بۆنی خاك )م لە ساڵی 2000 پێشکەشکرد کەبەرهەمی ستۆدیۆیەکی باش وقەشەنگ بوو , بەرهەمەکەش لەڕوی پوختی تۆمارکردنەوە زۆر باش بوو , سەرەنجام ئەو ستۆدیۆیە داخرا ! , هاوکات بۆ دروستکردنی سیدیە نوێکەم نەمدەزانی ڕوبکەمە کوێ چونکە هەمو دەرگاکانم لەڕودا داخرابوو !.. بۆ نازانم ؟!.. یان باشترە بڵێم دەزانم و پێم شورەییە باسی بکەم ! باسکردنی شتێك کە ئاوەها پوچ بێت دڵتەنگم ئەکات , بۆیە باشترین رێگا بۆ بڕینی دەرگا داخراوەکان , کارکردن بوو ! سیدیەکەم تەواو کرد , نامەوێ باسی موعاناتی چۆنیەتی کارکردنم بکەم , کە چۆن ڕۆژێك لە هەولێر و ڕۆژێك لە سلێمانی , پێیەکم لە هەولێر و پێیەکم لە سلێمانی بوو , کاتێك کارەکەم تەواو بوو زۆر ماندو بوم زۆر زۆر .. بەڵام ئێستا زۆر ئاسودەم .

( نیشتمانێك لە گوڵ ) ناونیشانی سیدیەکەیە , نۆ بەرهەمی لەخۆ گرتوە کە ئەمانەن :

( وێرانە , لەساتێکی بێزاریدا , چرپەیەك بۆ ئەنفال , تێکچڕژانی دوو هەناسە , دڵەبێماڵەکان , کزەی دووری , گەرتۆ نەبی , برادەر , نیشتمانێك لەگوڵ ) .

جگە لە گۆرانی ( دڵەبێماڵەکان ) کە گۆرانیەکی ئەرمەنیە بەدەنگی ( پۆل بەگدالیان ) , سەرجەم ئاوازەکان هی خۆمە ئەمە وێڕای بەکارهێنانی چەند میلۆدیەکی کەلەپوری کوردی لە بەرهەمی ( چرپەیەك بۆ ئەنفال ) دا .

شیعرەکان هی ئەم شاعیرانەن ( ئەحمەد محەمەد , بەختیار علی , دلاوەر قەرەداغی , ئەکرەم ئەحمەد , نەورۆز عباس , لوقمان محمد رشید , هیدایەت حەیران , دیار ئەحمەد ) ... لەناو بەرهەمەکاندا گۆرانی ( چرپەیەك بۆ ئەنفال )

بڕگەیشیعری زیاد لەشاعیرێکی تیادا بەکارهاتوە کە بریتین لەم شاعیرانە ( حسیب قەرەداغی , هیوا قادر , گۆران صدیق , حەمە سعید حسن ) هەروەها چەند بڕگەیەکی لە فۆلکلۆر تێدا بەکارهاتوە .
کۆمەڵێکی زۆر لە موزیکزانان کاریان لەگەڵ کردوم وەك ژەنین و ئامادەکردن لەوانە ( هێمن حسین , بڵند قەرەداغی , شوان مستەفا , ئاریان جلال , خلیل عبدالله , کارزان محمود ) ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێك هونەرمەند وەك دەنگ و کۆرس بەشداربون لەم بەرهەمانەدا لەوانە ( دڵسۆز عوسمان کێمنەیی , مەروان حەمە خورشید , دانا مستەفا , شوان عطوف ) .

کوردستان نێت : وا چاوەڕوان دەکرا کە ئەم سیدیە لە سەرەتای ساڵی 2003 بکەوێتە بازاڕەوە , کەچی ئەوە هەشت مانگ تێپەڕیوە و هیچمان نەدی , هۆی ئەم دواکەوتنە چیە؟

دیاری قەرەداغی : لەگەرمەی تۆمارکردنی یەکێك لەبەرهەمەکانی ئەم سیدیە لەشاری هەولێر , هاوڕێی دڵسۆزم کاك (عیرفان عبدالرحمن زەنگەنە ) , خاوەنی کۆمپانیای چوارچرا بۆ کاروباری هونەری پێی ڕاگەیاندم کە ئامادەیە سیدیەکەم لێوەربگرێت و بۆم بلاوبکاتەوە , دیارە کاك عیرفان یەکێکە لەوکوردە دڵسۆزانەی کەهەرگیز کارو پرۆژە هونەریەکانی لەخزمەت بەرژەوەندیە مادیەکانیدا ئەنجام نادات .
کاك عیرفان کاتێك کە دەیبینی چەندە بەربەستی هونەری هەیە لەڕێگەی تەواوکردنی سیدیەکەمدا , هێندەی تر سوور بوو لەسەر بلاوکردنەوەی , بۆ ئەو مەبەستە بڕیاریدا بۆ چاپکردن و دروستکردنی سیدی ئۆریجناڵ بچێتە تورکیا و لەوێ بەرهەمەکە چاپ بکات . هەموو دەزانین چونە ناو وڵاتێکی تر چەند زەحمەتە بەلام هێنانەوەی بەرهەمەکە لەو زەحمەتتر دەرچوو , ئەو بارو دۆخەی بەسەر عیراقیشدا هات , هەر بۆخۆی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ڕەوتی هەموو شتەکان و کاتەکەش وانەبوو خەڵك بتوانێت گوێ لە هیچ بەرهەمێك بگرێت , خەڵك سەرقاڵی شتێکی ترو چارەنوس سازتر بوو , ئێستاش سیدیەکە لەو بارە ناثارامەو لە تورکیا گیری خواردوە , ئەگینا تەواو بوە , بەلام چۆن بگاتەوە ئێرە ؟ نازانم ؟!..ئێمە نازانین ولاتین یان نا؟ ..ئاخر ئێمە کێین و چین ؟ ئەمە پرسیارگەلێکە نەك چارەنوسی سیدیەکەی من بەڵکو زۆر شت ڕون ئەکاتەوە , نەبونی وڵات و دەسەلاتێکی سەربەخۆ بۆخۆی باج دانێکی ترە . ڕەنگە سیدیەکەی منیش یەکێك بێت لەو قوربانیانە .
ئێستاش بەهیوای ئەوەم ئەوکاتەی خوێنەری ئازیز ئەم وەلامانە دەخوێنێتەوە سیدیەکەم بەگوێتان ئاشنا بوبێت .

کوردستان نێت : دیاری لای هەندێك بەوە تاوانبار دەکرێت کە کەسێکی میزاجیە و لەگەڵ هونەرمەندە موزیکارەکاندا هەڵناکات , ئەم قسەیە تا چەند ڕاستە ؟ بڵێی زۆری بڕی ئەو موزیکزانانەی کە کارت لەگەڵ کردوون ئەوە هۆکارەکەی بێت ؟ یان هۆکاری تر لەپشتیەوەیەتی ؟

دیاری قەرەداغی : لەوەلامدانەوەی پرسیارێکی وەهادا ئەوەی لام گرنگ نیە ئەوەیە کەبۆت بسەلمێنم تا چ ئەندازەیەك ئەم قسەیە ڕاستە ! , ئەوەی لام گرنگە ئەوەیە ئێمە هەمو لەناخەوە خۆمان بناسین .
من هیچ کات خۆم فرێ نەداوەتە باوەشیهیچ تیم وگروپێکی موزیك , ئەوەندە دەزانم بونی یەك تیم و یەك گروپ جۆرێ لە قاڵبی وەستاو و تاکرەوێتی لەموزیکدا دروست دەکات , ئەمە وایکردوە من لەنێو تیپەکاندا زۆر خۆشەویست نەبم , چونکە ئەندامیان نیم و نابم .
من تا ئێستا وام پێ باش بوە جۆری ئاوازەکەم سنووری کەسە بەشداربوەکان دیاری بکات , بۆیە بەردەوام لەگەڵ موزیکزانی جیاوازدا کارم کردوە و هەوڵمداوە هیچ کێشەیەکیش بۆ ئەو هاوڕێیانە دروست نەکەم , ئەگەر ئەوان من و هونەرەکەم بە کێشە نەزانن .

پاشان تۆ سەیری گۆرانیبێژە سەرکەوتوەکان بکە , دەبینی چارەیان ڕەشە لای موزیکزانەکان , کەواتە من وای بە باش ئەزانم ئەو پرسیارە ئاراستەی موزیکزانەکان بکەی , ئەوانەی هەست ئەکەم گرێیەکی دەرونیان هەیە , چونکە وتەیەکی بەناوبانگیان هەیە کە دەڵێن ( کێ دەیکاو کی دەیخوا ؟ )

باشە ئەم ووتەیە لەکوردستانی داماو نەبێت لەچ جێگایەك گوێت لێدەبێت ؟ باشە دەبێت تاوانی گۆرانیبێژێك چی بێت کە خەڵك خۆشی بوێت ؟ کەی سەرکەوتنی گۆرانیبێژ مانای ژێرکەوتنی تۆیە ؟ کەی ناوبانگ دەرکردنی گۆرانیبێژ یەکسانە بە سڕینەوەی توانا و جهدی تۆ ؟.. لەبەرئەوە هەندێ لەو موزیکزانانە ( دەڵێم هەندێك , چونکە ڕێزی زۆرم بۆ زۆرینەی ئەو موزیکزانە بەتواناکانە هەیە کەوابیر ناکەنەوە و ناشگۆڕێن ) جورئەتی ئەوەی نیە بڵێ من ڕقم هەڵساوە , چونکە تۆ دەرکەوتویت ! , تۆ سوودمەندی , تۆ خۆشەویست بویت ! , بەڵکو هەزار و یەك شت دروست ئەکات تا خۆی لەو گرێ دەروونیە بپەڕێنێتەوە کە توشی بوە , سەرئەنجام تۆش دەکاتە قوربانی !... هیوام وایە ئەو ژمارەیە زۆر کەم بن .




کوردستان نێت : دیاری تا ئێستا وای ڕاهێناوین کە هەمو سیدیەکی بەرهەمێکی ئەرمەنی تێدا بێت بە تایبەتی گۆرانیەکانی ( هارود ) کە لە لایەن گوێگری کوردەوە پێشوازیەکی باشی لێکراوە , دەکرێ بزانین بۆ (هارود) ؟ یان بۆ گۆرانی ئەرمەنی ؟ پرسیارێکی ترم هەیە بە هەمان ئاڕاستە ئەویش ئەوەیە هیچ مەرجێکی پێش وەخت هەیە بۆ ووتنەوەی گۆرانی گۆرانیبێژانی تر ئیتر کوردی بێت یان غەیرە کوردی ؟

دیاری قەرەداغی : هەمیشە وا هەست ئەکەم گۆرانی کوری هەمو میللەتێکە مادام هەست و سۆز بەشێکی گرنگە تیایدا , ڕاستە من میللەتەکەم خۆشدەوێت وتا سەرئێسقان لەگەڵ نەهامەتیەکانیدام و کوری ئەونەهامەتیانەشم بەلام .. گۆرانی بزوێنەری ناخێکە کەمن ناتوانم دەستبەرداری بم , چیم لێدەکەی کاتێ کەمن گوێم لە فۆلکلۆری ولاتێکی وەکو ئەرمەنستان دەبێت توشی جەزبە ئەبم , ڕائەچڵەکێم , شاگەشکە ئەبم , بەتایبەتیش کە ئەبینم ئەوبەرهەمانە بەچەشنێك پێشکەشکراون مرۆڤ سەرسام ئەکەن لە ڕووی تواناو هێزی ژەنین و ئیستاتیکیان ... هونەرمەند پێویستە گۆرانی بۆ هەمو جیهان بڵێ نەك بۆ تەنها جوگرافیایەکی سنوردار و بەس , ئیتر ئەمە ڕای منە , دەشێت هەڵە بم , من حەزئەکەم فارسێك بهەژێنم کاتێك گوێم لێدەگرێت وەك چۆن کوردێك دەهەژێ , باشە کەی دەتوانم من کارێکی وەها بکەم ؟ دەبێت فێربم , دەبێت فێری ئەو تەکنیك و شێوازە ببین کە خەڵکانی تر جگە لەئێمە بە سەدەیەك بەر لەئێمە بەکاریان هێناوە , ئەمە عەیب نیە , ئەمە داوایەکە بۆ فێربون , من

هەرگیز لەبەرەی ئەو هونەرمەندانە نیم کە کارەکانیان دەبێت هەر خۆماڵی بێت , تێم بگەیەنن کاری خۆماڵی یانی چی ؟ تێم بگەیەنن ووشەی ڕەسەن یانی چی ؟ مەیەن پێناسەکانم بۆ دووبارە بکەنەوە بەڵکو تێم بگەیەنن ! تێم بگەیەنن چۆن بتوانین کاری جوان بکەین , ئەمەیان پێویستی بە تەکنیك هەیە , بەشێواز هەیە , بەکارکردن هەیە , بەگەڕأن هەیە , بەفێربون هەیە .

سەبارەت بەمەرجی پێش وەخت بۆ ووتنەوەی گۆرانیەك , بەڵێ , من مەرجی پێش وەختم هەیە , لەوانە  کە گۆرانیەك دووبارەدەکەمەوە وێنەی خۆمی تیا دروست ئەکەم , دێم گۆرانیەکی نامەئلوف دەکەمە گۆرانیەکی سەردەم و تازەو مەئلوف , نەهاتوم گۆرانیەك کە خۆی زۆر بەناوبانگ بێت دوبارەی بکەمەوە , ئێوە گوێتان لێبوە من ڕۆژێك گۆرانیەکی داریوش بڵێمەوە ؟ گۆرانیەکی ئیبراهم تاتلیساس بڵێمەوە ؟ خۆ ئەوەش دووبارەکردنەوەیە , بەڵام ئەو گۆرانیانە زۆر چونەتە ناو خەڵکەوە , خەڵك زۆر باش گوێیان لێدەگرن وچێژییان لێدەبینن , بەڵام ئایا چەند کەس بەدەنگی (هارود ) ئاشنایە ؟ چەند کەس شارەزایی لە ریتم ومیلۆدی و ئاوازی ئەم گەلە هەیە ؟ دوان ؟ سیان ؟! کەواتە گرنگە تۆ ئاشنا بکەم بە هونەرێکی باڵا و راقی لەڕێگەی قوڕگ و ئەدای خۆمەوە , جا دەشێت ئەو هونەرە ئەرمەنی بێت , کوردی بێت , فارسی بێت , ئەلمانی بێت , خوای ئەکرد گۆرانی سەرمانگ ئەبو !!

گرنگ ئەوەیە هەستی خۆشیەکانمان بخاتە سەماوخرۆش یان فرمێسکەکانمان بخاتە سەر گۆنا . پێم وایە ئەوەی کردوشمە بەو جۆرە بووە .

کوردستان نێت : لە ساڵی 2001 خەڵاتی باشترین گۆرانیت وەرگرت لە پێشبڕکێی کەناڵی ئاسمانی کوردسات لەسەر گۆرانی ( سەرۆکەکان ) , دواتر بە گۆرانی( بۆنی خاك )بەشداریت کرد لە پێشبڕکێی هەمان کەناڵ بۆ ساڵی 2002 لە وێشدا بە دادوەری هونەرمەندانی گەورەی کورد ( مەزهەری خالقی , دڵشاد محمد سعید , نەجات ئەمین ) پلەی یەکەمت لە هەر سێ بواری ( ئاواز , موزیك , ئەدا ) وەرگرت , پاشان بەهەمان گۆرانی واتا ( بۆنی خاك ) بەشداریت لە فیستیڤاڵی چوارچرادا کرد لە هەولێر لەوێش خەڵاتی باشترین ئاواز و باشترین ئەدات  وەرگرت , گرنگی ئەم خەڵاتانە لای دیاری چیە , ئایا لەمەولا کارەکانت زەحمەتتر ناکات ؟

دیاری قەرەداغی :          من کاتێك ئەو بەرهەمانەم دروستکرد هیچ جۆرە پێشبڕکێو ئاهەنگ و لەم شتانە وەك خەڵات دانان لەئارادا نەبوو . من کارم نەکردوە بۆ فیستیڤالێکی دیاریکراو بۆ خەڵات وەرگرتن , وەك زۆرێك لەوانەی خۆیان حازر دەکەن بۆ فیستیڤالەکان . ئێمە پێمان خۆشە بەرهەمەکانمان پلەی بەرز بەدەست بێنێ , بەلایەنی کەمەوە پاڵنەرێکە بۆ هەستکردن بەخۆت و هونەرەکەت , من تەواو دڵخۆشم کەنزیکەی سێ ساڵە هەرچی خەڵاتە گەورەکانە لای بەرهەمی ئێمەیە . بەڵام یەکەمی ئەوەندە نارەحەتە کەدەبێت ئاگاداری بیت , چۆن پارێزگاری لەبەرهەمی ئاییندە وکارەکان و هەڵسو کەوتی هونەریت بکەیت ؟

هەمیشە دوای هەمو بەرهەمێك , من واهەست ئەکەم کاری ئاییندەم ئاڵۆزو قورسترە , ئەمە لەبەر وەرگرتنی خەڵات نیە , خۆ جەماوەری هوشیار خۆی دەزانێت چۆن خەڵاتی خۆی ببەخشێ بە هونەری هونەرمەندێك و چۆن پێشوازی لەبەرهەم و کۆنسێرتەکانی بکات .

من لە سەرەتای کاروانەکەدام , جارێ هیچی وام نەکردوە تالێی بترسم , ئەوەی کردومە زۆر سادە وئاسایییە بە لای خۆمەوە , ڕەنگە لەبەر نەبونی هونەر بێت ئەم بەرهەمانە گرەو خەڵات دەبەنەوە , ئەمانە پێوەر نین لای من , ڕەنگە بە باشی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی وەك ( دڵشاد , نەجات , خالقی ..هتد) بۆ من مایەی دڵخۆشیم بێت بەڵام ڕیزبەندیەکەم نابێتە مایەی دڵخۆشیم , لەبەرئەوە نا من زۆر گرنگم بەڵکو لەبەرئەوەی هونەرەکەی ئەوانی دی زۆر سادەیە , سادەترە لە بەرهەمی خەڵکانێك کە کاری هونەری ناکەن , لێرەوە ئەو جیاوازیانە بەو شێوەیە دەردەکەون , ئەگینا وێنەی من بریتی نیە لە داهێنان , هێندە هەیە وێنەی من لەوانی تر ناچێت لەڕووی سواوی و دووبارەبونەوە .

کوردستان نێت : لە چاو پێکەوتنێکدا زەکەریا ووتی " تکاتان لێدەکەم لێگەڕێن با کار بکەین " , تا چەند هاو سۆزیت لەگەل ووتەکەی زەکەریا , بە ڕای تۆئەوانە کێن کە نایەڵن هونەرمەندان "کار بکەن" ؟

دیاری قەرەداغی : تەواو هاوسۆزم لە گەڵ هونەرمەند ( زەکەریا ), بەڕاستی من تەواو دڵتەنگم بەو هەمو هەراوهوریایەی لەسەر ئەم هونەرمەندە نرایەوە , بۆ ڕێز لە هونەرەکەی نەگرین ؟بۆ وازی لێ ناهێنن تاکاری خۆی بکات ؟ تۆ بڵێی ( زەکەریا ) چ خەتایەکی کردبێت؟
ئەگەر بەرهەمەکانی جوانە .. ئەوا دەستی خۆش بێت و نمونەی کارەکانی لە زیادبوندا بێت .........
ئەگەر بەرهەمەکانی ناشرینە .. خۆ بەرهەمی کوردی کاری زۆر ناشرینی تێدایە , کەچی هیچ قسەیەك لەسەر کاری خراپ ناکەین , بەداخەوە من هەست ئەکەم ئێمە هونەرمەندێکی لاو دەبینین کە لەسەرەتای کارەکانیدایە و خاوەن جەماوەرێکی بەرینە بۆیە دەمانەوێ سەری لێ تێك بدەین , ئەمەش هۆکاری گەورەی لە پاڵدایە لەسەرو هەموشیانەوە ئیرەیی و حەسودی هونەری .. کێن ئەوانەی کە حەسودی بە هونەرمەندی خاوەن دەنگ و سەدا دەبەن ؟! ئەوانەن کە هیچیان بۆ ناکرێ و خۆیان تەواو لە قالبی کۆندا ماونەتەوە و خزێنراون .. ڕاستە ڕاگەیاندنەکان زۆر زۆر گرنگیان دا بە زەکەریا , زیاد لە هونەرمەندانیتر , بەڵام زەکەریا بڵێ چی ؟ دەبوایە ئێمە دایالۆگ و ڕەخنەی جدیمان لەسەر ڕاگەیاندنەکان بوایە , کە لەپڕا هونەرمەندێك بەبێ ئاگای خۆی فو تێنەکەن , زەکەریا بڵێ چی ؟ کاتێك چاوپێکەرێکی رادیۆ یان تەلەفزیۆن یان گۆڤار و ڕۆژنامە بەمە دەست پێ ئەکات ( ئێستاش چاو پێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندی گەورە وخاوەن ئەزمون و لێهاتوی میللەتەکەمان دەکەین ) , بەڕاستی کاری ڕاگەیاندنەکان بەم ئاراستەیەدا شەرنانەوەیە بۆ هونەرمەند نەك خزمەت کردنی , بۆیە لێرەوە دەنگی خۆم هاوجوت و هارمۆنی دەکەم لەگەڵ برای ئازیزم هونەرمەند (زەکەریا) و پێی دەڵێم میللەتەکەمان بە تەنها تۆی پێویست نیە بەڵکو دەیان گەنجی لێهاتووی وەك تۆمان دەوێ , دڵنیام جەماوەریش وەکو پێویست پێشوازیتان لێ دەکات .

کوردستان نێت : لە خۆتم بیستووە داوای پسپۆڕیت کردووە لە بواری موزیکدا , ئەمەش بەو مانایەی هەر کەس سەرقاڵی بوارەکەی خۆی بێت , کەچی تۆ لە لایەك سەرقاڵی ئاوازدانانی – بابڵێین ئەمەیان پەیوەندی بە بوارەکەی خۆتەوە هەیە وەك گۆرانیبێژ– ئەدی ئەو سەرقاڵیەت چیە بە موزیکی وێنەسازی , واتا ئەو فیلمانەی کە کاری موزیکیان بۆ دەکەیت ( وەك پردێك بۆ هەمیشە , زامی کامێرا , هەلەو هۆڵەند ..هتد ) , ئەمەیان چۆن پێناسە دەکەیت ؟

دیاری قەرەداغی : دنیای پسپۆری لە هەمو بوارێکدا بەوەندە کۆتایی نایەت داوابکرێ , بەڵکو دەبێت کاری بۆ بکرێ و زەمینەی بۆ خۆش بکرێت , تا ئێستا لەم دەڤەرەی ئێمەدا شتێکی وەهام بەرچاونەکەوتووە , کەخەڵکانێك بەتەنها خەریکی بەشەکەی خۆی بێت بەتایبەتی لەبواری موزیك و گۆرانی .
بەڕێزتان تەماشا بکەن بزانن .. موزیکژانێك چی لێدێت لای ئێمە ؟ دەبێتە گۆرانیبێژ, دەبێە کۆرس , دەبێە دابەشکار , دەبێتە ئەندازیاری دەنگ , دەبێتە دەرهێنەر , دەبێتە پێشکەشکەری بەرنامە , دەبێتە بەڕێوەبەری هونەری , دەبێتە هەموو شت , هەموو شتێ ..
بەڵام من بەتەنها گۆرانی دەڵێم , تەنها ئاواز بۆ خۆم دادەنێم , سەبارەت بەو موزیکەی بۆ فیلمەکانم داناوە تەنها ئاوازو دابەشکردنی خۆمە , وەك چۆن ئاوازێ بۆ گۆرانیەکم دادەنێم , پاشان موزیکی زۆر درامای ترم بینی کەلەلایەن برا موزیکارەکانەوە کراوە کەبەڕاستی زۆر قسە هەڵدەگرێ و جێگای دنیایەك رەخنەیە , ئەمە لەلایەك , لەلایەکی ترەوە , تۆ بڵێی ئەو فیلمانەی کەهاتونەتە بەردەستی من , بۆخۆی کەسانی پسپۆڕ کاریات تیادا کردبێت ؟ بەڕاستی خۆی ئەو فیلمانەش جێگای دنیایەك مشت ومڕوقسەن , هەندێك جار ناهەقی موزیکزانێك ناگرم کەدەبێە دەرهێنەر , زۆر جار لەدڵی خۆمدا وتومە ڕاستە کە هیچ نازانن لە سینەما بەڵام دەزانن وەها کاربکەم !

کەواتە هەوڵدانەکانی ئێمە یەک تەفسیر هەڵدەگرێت ئەویش یارمەتیدانی هاوڕێکانمانە لەبوارەکەدا کە ویستومانە هاوکاریان بکەین , وابزانم ئەو کارە موزیکیانەی کردومە بۆ فیلمەکان هیچی کەم نەبوە لەو فیلمانەی کەپسپۆرەکانی موزیکی کوردی کاریان تێدا کردوە , هەرئەمەشە وادەکات من گومانم هەبێت لەو پسپۆریەی ئەوان و لەو ئەکادیمیەیە ڕووتەی ئەوان .. چونکە لەکۆتاییدا هونەر ( هەستێکی باڵایە ) , کەئەمەت نەبوو هیچ شتێکی تر جێگای پڕ ناکاتەوە, بادەرچووی دەیان قوتابخانەی موزیکیش بیت .

کوردستان نێت : تۆ لە لایەک خاوەنی هیچ بڕوانامەیەک نیت لە بواری موزیکدا و موزیکیشت بە شێوەیەکی ئەکادیمی وەرنەگرتووە , کەچی خاوەنی چەندین ئەزمونیت لە بواری ئاوازداناندا , ئەی کەواتە دەکرێ بزانین ئاوازەکانت لە کوێوە سەرچاوە دەگرن ؟

دیاری قەرەداغی : دووبارەی دەکەمەوە , زۆرن ئەوانەی لەپشت مێزو کورسی هونەری دانیشتوون , بەڵام هیچ شتێکی هونەریان دیار نیە, دیسانەوە شارەکە پڕە لەهەڵگری بڕوانامەکانی موزیك کەساڵانە لە پەیمانگاو ئەکادیمیەکان دەردەچن , کەچی شاشەی ( TV ) ەکان وسەرشانۆکان چۆڵن لە داهێنان !

بڕوانامەکانمان لەپشت سەرمان داناوە و وازمان هێناوە لەکاری جدی وجوان , ئەمە چی دروستی ئەکات ؟ ! من زۆر ئومێدم هەیە , کەڕۆژێك دێت ئەوانیش دەبێت جارێکی تر بخوێننەوە , چونکە بەئەکادیمی بوون بەتەنها بریتی نیە لە هەڵگرتنی بڕوانامەکان بەڵکو بریتیە لە هەڵگرتنی ( بڕوا بەخۆبون ) .

چەندمان بڕوای هونەریمان بەخۆمانە , من نامەوێ بکەومە کێشەی قسەکردن , هەموو شتێکیش زەحمەتە بوترێ , چونکە ئەوەش کاتی خۆی ئەوێت , من ئەمەوێ تەنها قسە لەسەر خۆم بکەم , من شانازی بەوەوە ئەکەم کە هەڵگری هیچ جۆرێك لەو بڕوانامە موزیکیانە نیم .. من هەڵگری کەمێ حەز و مشتێ ئاواز و باوەشێك هەستم .. هەرئەمانەشە کارم پێ دروست ئەکات , هەر ئەمانەشە بەردەوامیم پێ دەبەخشێت , من عاشقی شتێکم تا سەر ئێسقان کۆششی بۆ دەکەم , عاشق بون شێتێتیە , هەندێ جار دەروێشانە پەل دەهاوم بۆ ناخم تا بوروژێت و ئاوازێك لەدایك بێت ! هەندێ جار برینەکانی میللەتەکەم بەسە بۆ داچۆڕانی خوێنی دڵم , تا بە قوڵپەوە گۆرانی بڵێم ... خوێندنەوەم بۆ شیعرەکان گەورەترە لە خودی خۆم و گەورەتریشە لە خودی شاعیر !

ئەو کاتانەی هەردوو چاو نەیانتوانی وەکو کامێرا وێنەکان بگرن , تۆی هونەرمەند ناچاری بە نهێنی و بە ئەسپایی کەشفی پێچ و پەنای وێنەکان بکەیت , بینینەکان دەبێت قوڵتر بێت لە زامەکانمان , وشەکان دەبێت تۆکمەتر بێت لە سەنگەرەکانمان , ئاوازەکان دەبێت ڕاستگۆتربێت لە قسەکانمان , ڕەخنەکان دەبێت ڕاشکاوانە تربێت لە جوێنەکانمان !! ئەو کاتە ئاوازەکان لە ناختا بە جوانی سەرچاوە دەگرێت .

تا کانی ئاوازت ناخت بێت , هەوڵ بدە ناخت پاك بکەرەوە لە پیسیەکان , هەوڵ بدە ئاوازت لە خۆت خۆشتر بوێت , شیعرت لە خۆت خۆشتر بوێت , کاتێك گۆرانیەك دروست ئەکەیت با موزیك ئەو خوێنە بێت کە بەلەشتدا دەڕوات .

کوردستان نێت : شیعر لە گۆرانی کوردی کۆندا ئەگەر باسی لە نیشتمان نەکردبێت ئەوە باسی (چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ) بووە یان (ئاه وناڵە و جودایی لە خۆشەویست) , دواتر و لەدوای بەرپابوونی قوتابخانەی ریالیزم لە شیعردا و بەتایبەتی دوای بە ئاوازکردنی شیعرەکانی گۆران , بابەتی تر هاتنە ئاراوە , ئێستا شیعری شاعیرانی ئەمڕۆ کەمتر دەبنە بابەتی گۆرانی , هێندەی من ئاگادارم تۆ لە گەڵ هەندێ دەقی تایبەتدا کارت کردووە , بۆ نمونە شیعری ( بەختیار علی ) , هەندێك ئەم کارەیان پێ باش نەبو تەنانەت شانۆکارێك لەسەرتۆی نوسی و ووتی " ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ شیعری بەختیاردا , ڕووبە ڕووبونەوەیە لەگەڵ موستەحیلدا " , تۆ ئەڵێی چی ؟

دیاری قەرەداغی :          نامەوێت سەردێکی مێژویی بکەم بۆ شیعر و بە گۆرانیکردنی شیعر , بەس ئەوەندە دەڵێم , لە هەمو کات وساتێکدا هەڵبژاردنی شیعر و تەنانەت خوێندنەوەی شیعر بەندە بە باکگراوندی ئەو کەسە لە مەعریفە و درك كردن بە جوانی و ئاستەکانی ڕۆشنبیری , ئەمە لایەکی , لایەکەی دیکەی‌ئەوەیە کە قۆناغەکانی مێژوی کورد هەندێ فۆرمی شیعری هێنایە ناوەوە کە بەهای جوانی شیعر ببوە قوربانی قۆناغێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی , کەزیاتر بە ئاڕاستەی هەڵکردنی دروشمەکان بو , دروشمێك کە گوزارشتی لەهەڵچون وداچونی شۆڕشی کوردو بەرەنگاربونەوە و بەرزکردنەوەی حەماس دەکرد.

چەندین بەرهەمی گۆرانی تەرجەمەی ئەو جۆرە شیعرەو ئەو حاڵەتانە بوو , لەو کاتەدا بایەخ تەنها بەو مەبەستە ئەدرا , لایەنە هونەریەکانی تر وەك ( بەهای ستاتیکی لە شیعردا , وێنەی شیعری , موزیك لە شیعردا ) گرنگیەکی نەبوو , سەرباری ئەمەش ئەو موزیکەی شان بەشانی دەڕۆیشت زۆر بەکەمی موزیکێکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو بوو , بەڵکو زۆر بە سادەیی کارەکان دەژەنراو پێشکەش دەکرا , هەر لەهەڵبژاردنی ئامێری سادە و دابەشکردنی سادە , سادە بە وێنەی خەڵکەکەی , سادە بەئەندازەی تێگەیشتن , ئەمە کاریگەریەکی تەواوی هەبو لەسەر چەمکی تێگەیشتنمان بۆ شیعر , گەر تەماشای عەقلیەتی هەندێ شاعیر بکەین تا ئێستاش پێی وایە کە شیعری گۆرانی یان شیعر بۆ گۆرانی دەبێت زۆر سادە بێت , ووشەی سادە , ناوەڕۆکی سادە , فۆرمی شەفاف , یەك کێش و سەروا , شیعری یەك ئاسۆیی و ..هتد . من دەپرسم کێ سیمای ئەم جۆرە شیعرەی دیاریکردوە بۆ گۆرانی ؟ ئەگەر شاعیرە , کام شاعیر ؟ ئەوانەی لە دیوانەکانیاندا هەزیل ترین و سوك وساناترین شیعر لەسەری دەنوسن ( بۆ گۆرانی ) ! ئەوە دەکەنە دیاری بۆ گۆرانی کوردی !

من پێم وانیە گۆرانی ئەوەندە سادە بێت , ئەوەندە پەیامێکی لاوازبێت تا هەڵگری ئەو ووشە سادانە بێت , تۆ باسی ئەو گۆرانیانەت کرد کە باس لە قژی کاڵ و گۆنای ئاڵ و لێوی تەڕ و مردم وسوتام بۆ بەژن و بالاو .. هتد ئەکات , من لاریم لەوە نیە با هەبێت , با هەر بشمێنێت , بەڵام خۆ ناکرێ سەراپای گۆرانی کوردی لەمە هەڵکێشین ! ئیتر پشت بکەینە کێشەکان , مەسەلە مرۆڤایەتیەکان , چارەنوسی ئینسان , زامە قوڵەکان , ئازاری نیشتمان , بابەتە کۆمەڵایەتیەکان .. باشە دەپرسم ناکرێ ئەمانە ببنە هەوێنی گۆرانیەکی سەرکەوتوو ؟ خۆ چەندان شاعیری زۆر گەورەمان هەیە کە خۆیان وتێکستەکانیان بەم فۆرم وناوەڕۆکە دیارن و دەرکەوتوون .

من دەزانم کێشەکە ئەوە نیە کە ( شیعر نیە ) , ئەو ووتە نەزۆکەی کە هونەرمەندەکانمان دووبارەی دەکەنەوە , من بروام وایە ئەم ووتەیە پەڕینەوەیە بۆ کەم دەسەلاتی ئاوازدانان ودابەشکردن , چونکە هەمو دەزانین کارکردن لەسەر ئەو تێکستە سادەو ساکارانە چەندە ئاسانە ؟ من دەڵێم هەندێ جار شیعری سادە وساکاری زۆر جوانیشمان هەیە کەچی تەنانەت دەرەقەتی ئەوەش نایەین ! بەڕاستی کاری هونەر هەست بە لێپرسراوێتیە , کارێکی مێژویی وئەخلاقیە .

سەبارەت بە وەڵامی بەشێکی تری پرسیارەکەت , کە چۆنە هەندێ دەقم هەڵبژاردوە و کردومە بە گۆرانی کە ڕۆژانێك نەبینراوەو نەبیستراوە لەم جۆرانە بکرێتە گۆرانی , ئەوەیان پەیوەندی بە دیدو گۆشە نیگاو چێژ و ئاستی بیرکردنەوەو پێداویستیە رۆحیەکانی منەوە هەیە , کەدەمەوێ لە ڕێگەی ئەو شیعرەو ئاوازەکەیەوە ئامادەییەکم هەبێت بۆ دۆزی میللەتەکەم , بۆ کێشە ئینسانیەکان , بۆ ئەو مەسەلانەی کە شاعیر لەدێر زەمانەوە لە دوتوێی دیوانەکانیاندا , شیعرەکانیاندا باسیان لێوە کردوە .

دەڵێم شیعر هەڵبژاردن و شیعر ناسین کارێکی قورسە , قورسە بەو ئەندازەیەی کە دەبێت ڕاستەوخۆ پێش ئامادەبون دەستی نەدەیتێ , ئامادەبونیش لای من خۆ هوشیارکردنی دنیای ڕۆشنبیریە , بەتایبەتی ڕۆشنبیریەکی ئەدەبی وەهاکەبزانیت دواتر شتەکان بەرەو کێو بەرەوکوێ ئاڕاستە ئەکەیت ,

دێتە سەر مەسەلەی قبوڵکردن و قبوڵ نەکردن , ئەمەیان لای من نیە , لای من ئاساییە گۆرانیەك تا دوا ئاستی عەشق بازی قبوڵ بکرێت و ئەوەی تر قبوڵ نەکرێت .. دنیاش بە جیاوازیەکانەوە جوانە .. گەر وانەبوایە هەمو یەك دەنگ ویەك ئاست ویەك مەعریفەمان دەبوو .. سەرئەنجامیش هەمو یەك چێژمان دەبوو .

کوردستان نێت : لــە دنــیای نوێدا کەمتر کارەکان فەردی یە , بۆیە دەیان دەزگاو ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی تایبەت بە هەمو بوارێك دروستدەکرێت , کەچــی کاتــێك یەکێتــی هونەرمەندانــی کوردســـتان دروست دەبێت , دیاری نابێتە ئەندام تیایدا , بۆ ؟




**دیاری قەرەداغی :**
ڕاســتە کــاری دەســتەجەمعی کارێکــە بــەهاو ڕەونەقی خــۆی هەیە , هـونەرمەند بە هاوکاری هەمو عەقڵەکانەوە جوانە , ئای چــەند جــوانە بەرهەمێکــی قەشــەنگ دەیــان کەســی بەهرەمەند کاری تیادا بکەن تا هەمو پێکەوە بیگەیەننە لوتکەو ئاستێکی باڵا لەجوانیدا .

بەڕێزتان باسی دنیای نوێ دەکەن , کە کارەکان کەمتر فەردیـیە و ڕوی کردۆتە کاری بە کۆمەڵ , بەڵام من دەپرسم بەکۆمەڵ بونی هونەری جوان لەڕێگای دەزگاو ڕێکخراوی پیشەیی وەك ئەوەی (ی.ھ.ك) ەوە دەبێت ؟ ئەگەر وایە تۆ وەك چاوپێکەرێك کەی دەتوانی چاوپێکەوتنی هونەری بکەیت لەگەڵ یەك خاوەن بەرهەمی داهێنەرانە کە لەبواری گۆرانی و موزیکدا کاربکەن و ( ی.ھ.ك) ڕۆڵـی سـەرەکی دیبێت لەدروستکردنیدا ؟ باشە خۆ دەبێت دیـاری قەرەداغـی نەبێتە ئەندام وکاریش بکات , ئەگەر (ی.ھ.ك) هونەریان خۆشدەوێت ئایا ناتوانن یارمەتی ئەو هونەرمەندانەش بدەن کە خزمەتی هونەری میللەتێك دەکەن ؟! خۆ مەرج نیە خزمەتکردن هەرهی دەزگاکە بێت , خۆ ئەمە ڕێکخراوی سیاسی نیە تا ببیتە ئەندام ؟ من ئازادم کە نابمە ئەندام بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی (ی.ھ.ك) هونەرەکەم پەراوێز بکات ( گەرچی ناشتوانێت ) . لەوەتـەی من کاری هونەری دەکەم , ئەندامی ئەو پارتە نیم کەناوی ( ی.ھ.ك )ە , بەڵام دەپرسم کامە یارمەتی هونەری ( ئەڵێم یارمەتی هونەری ) بۆ من و کەسانی وەکو من دابینکراوە ؟ چاك دەزانم وەڵامەکانیان چیـیە , دەڵێن تۆ چ کاتێ داوای یارمەتیت کردووە ؟! بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیرە , لێرە دەبێت هەر تۆ بچیتە بەردەم قاپی ژووری قەشـەنگ و ڕازاوەی کاربەدەستان تا پێیان ڕابگەیەنیت و بڵـێی کاکە منیش هونەرمەندم و بمناسن , تۆ بڕوانە ئەو هەمو سەفەرە ڕێکدەخرێ بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ ئەو تیپانەی کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەندامن لەم یەکێتیەدا , بەڵام هەرگیز دەعوەتنامەیەکی من و کەسانی وەکو من نەکرا وناکرێت , چونکە من ئەندامی ئەو وەزعە نیم و ناشبم , خۆ دەعوەت کردنی من بریتی نیە لە کەیف وسەفا سازدان بۆ من بەڵکو پەیامی گۆرانی و هونەری من بۆ گەلانی دنیا دەبێت , ئایا چەند یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و دەزگاکانی تر کە ناویان نازانم و فێرنابم لەمە تێ ئەگەن و قبولّی ئەکەن !؟

کەسانی پشت کورسی ومێزی ئیدارەی یەکێتی هونەرمەندان ودەزگاکانی تر کەناویان نازانم و فێرنابم ناتوانن پشتگیری (دیاری) بکەن تا دەگاتە ئاستی داهێنان , بەڵام گەر دیاری خۆی (داهێنەر) بو بەڵام ئەندام نەبو ئەوا فەرامۆش دەکرێ و فڕێ دەدرێتە دەرەوەی بازنە , منیش زۆر حەز لەدەرەوەی ئەو بازنەیە دەکەم ! چونکە هیچ کارم لەناو ئەو بازنەیەدا نیە !

کوردستان نێت : هەست ناکەیت ئەو بەرهەمانەی کە لەکوردستاندا تۆماردەکرێت , لەبەرئەوەی میکانیزمی کارکردنیان یەکە , لەیەکچونێکی بەرچاو هەیە لە نێوانیاندا , بڵێی هۆکەی بەکارهێنانی موزیکی ئەلیکترۆنی ( کیبۆرد ) نەبێت ؟

دیاری قەرەداغی : کاتێك لە هەرێمی کوردستان بیر لە دروستکردنی ستۆدیۆیەك دەکرێتەوە , جا ئایا ئەو ستۆدیۆیە حکومی بێت یان ئەهلی وبازرگانی , ڕاستەوخۆ بیر لە تازەترین دەزگای (ئۆرگ ) دەکرێتەوە , کەچۆن یەکێکی بۆ پەیدابکەن و کاری جێبەجێکردنی موزیکی لەسەربکات , دیارە ئەمە کەم تا زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ستۆدیۆکانی تۆمارکردنی دەنگ کە لەهەمو دنیا کاردەکەن , لەوێ ( واتە لە دنیای ستۆدیۆدا ) شتێك نیە ناوی موزیکزان کە کاری تیادا بکات , بەڵکو ئامێری تۆمارکردن و ئەندازیارانی دەنگ دروست دەبێت , کە تۆ بەرهەمێك تۆمار ئەکەیت , بەهەموو پێداویستیەکانتەوە دەچیتە نێو ئەو ستۆدیۆیە , لەو کەسانەی کەدەبنە هۆی دروستکردنی بەرهەمەکە هەر لە ژەنەرەکان و دابەشکاری موزیك و گۆرانیبێژ و کۆرس و ..هتد , ئەوەی لەسەر ستۆدیۆ و خاوەن ماڵە , تەنها تۆمارکردنە بەبەرزترین تەکنیك و جوانترین شێوە , کەچی لای ئێمە کە تۆ بەرهەمێکت بردە ستۆدیۆ , ئەوکەسەی لەسەر (ئۆرگ) کاردەکات ئۆتۆماتیکی دەبێتە دابەشکارو جێبەجێکەری ئەو کارەت بەکیبۆردێکی دیاریکراو بەرهەمەکەت بۆ ئەنجام دەدرێت پاشان تۆمارکردنی دەنگ لەهەمان ستۆدیۆ دەکرێ , ئەم میکانیزمە چەندین جار لەهەمان جێگا و هەمان ستۆدیۆ و بەهەمان دەزگا و بەهەمان ژەنەر بۆ کەسی دوەم و سێیەم و دەیەم و سەدەم چەندبارە دەبێتەوە , تاوای لێدێت کە بەرهەمێك لە TV یان ڕادیۆ پەخش دەبێت تا ئەو شوێنەی گۆرانیبێژ دەست پێ ئەکات ئەستەمە بزانی گۆرانیبێژەکە کێیە ! بەڵام ڕاستەوخۆ دەتوانی بزانی ئەم کارە لە کوێ و بەدەستی کام ژەنەرە دروستکراوە ! بەڕای من ئەمە مەترسیە , زۆریش مەترسییە , بەدیلی ئەمەش بەوە نازانم تیپە زل زلەکان دروستبکرێت و دەیان کەس پێکەوە موزیك بژەنن بێ ڕەچاوکردنیهیچ شێوازو تەکنیکێکی نوێ لە دابەشکردن , بەڕاستی ئەم مەسەلەیە گۆڕانکاری گەورەی دەوێت , دەبێت شەری بۆ بکەیت , دەبێت ژەنەری ئۆرگ مۆرکی خۆیت بەسەردا زاڵ نەکات بەڵکو تەنها ڕۆڵی جێبەجێکەر ببینێت , تا کاری کەس لەویدی نەچێت , خۆ زۆرێك لە موزیکزانانی باشیش هەن کاتێك کار بە (کیبۆرد) دەکەن زۆر دروستانە شێوازی خۆیان جێبەجێ دەکەن و نایەڵن بەرهەمەکانیان لە کاری خەڵکانی تر بچێت , ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەدنیای پسپۆریەوە هەیە , من هەستدەکەم لەبەر نەبونی کەسانی پسپۆر لە بواری دابەشکاری و بە زەحمەت کۆکردنەوەی ژەنەرەکان و قبوڵ نەکردنی یەکتری و زۆر مەسەلەی شخصی تر پەنا بۆ ئەمە براوە , زۆر جار لەنەبونیەوە بوە کە ئێمەمانان خۆمان هەڵساوین بەو کارە , واتە کاری دابەشکاری .

کوردستان نێت : بە ڕای تۆ بۆچی (گۆرانی) گوێگری هەیە بەڵام موزیك بە تەنها واتە فۆرمەکانی تری موزیك گوێگری نیە ؟

دیاری قەرەداغی : لە دنیای ڕۆژهەڵاتدا گوێگران زۆر حەز بە تێگەیشتنی خێرای شتەکان دەکەن , بەگشتی خەڵك زۆر ڕاستەوخۆ دەیانەوێت لە شتەکان بگەن , خەڵکانی ڕۆژهەڵات زیاتر خەڵکێکی ( شیعاری وخیتابین ) , سایکۆلۆژیای ئێمە تا ئێستاش بەو شێوەیە , خەڵکانێك لەسەر مینبەرەکانەوە دەبێت قسەمان بۆ بکەن و وتارمان بۆ




بدەن , نمونەش زۆرە , وتاری جومعە , وتاری سیاسیەکان لە هۆڵەکان و جێگاکانی دیکە , وتاری مامۆستاکان , هەڕەشەی باوکان ...هتد , ئەمانە هەموی قسەو قسەو خیتابن , ڕاستەوخۆیی لە تێگەیشتن و قبوڵکردن , ڕاستەوخۆیی لە تێنەگەیشتن و قبوڵ نەکردن , ئەم بارە دەرونی‌یە , واشکاوەتەوە کە خەڵك بەگشتی ئەو جیهانە پڕ تەلیسمەی موزیك بەهەمو جوانکاری و زمانە ڕۆمانسی و فەنتازیاکانی درەنگتر لە دواندنی حاڵی بێت , ئاخر زمانی موزیك زمانی فۆرمێکی مجرد و دوور لەتێگەیشتنی ڕاستەوخۆیە , بەهێندەی ئەو چێژو سیحرو جوانیە , خەڵك کەمتر لەمە حاڵی‌یە , کەمتر لەگەڵ ئەو جوانیە تەبایە , گوێگر پێی باشە , لەڕێگای گۆرانی‌یەوە تێبگات کە خۆشەویستی چی‌یە ؟ نەوەکو لە ڕێگەی بەرزو نزم بونی نەغمەی موزیك .. ئەم دیاردەی گوێگرتنەو قبوڵکردنی خەڵك و قبوڵنەکردنەش جۆرە تەمەڵیەکی بۆ موزیکزانانی ڕۆژهەڵات وکورد بەتایبەت دروستکردووە , کە بایەخ زیاتر بە گۆرانی بدەن , پێیان وایە ئەو جەماوەرو دەسەڵاتەی گۆرانی هەیەتی , بەکاری موزیك جێبەجێ نابێت , نمونەش زۆرە و زۆر لە موزیکزانەکان دوای ڕۆژگارێك لە موزیك ژەنین حەز بە گۆرانی وتن دەکەن , هەندێکی تریان حەز بەشەرکردن دەکەن لەگەڵ گۆرانیبێژان ! ..هەندێکیان تاقەتی موزیك ژەنینیان نامێنێت ! ئەمانە هەمووی پێویستی بە گۆرانی ڕیشەیی‌و جۆرێك لە ئارام گرتن و لەسەرخۆیی‌هەیە , بەهیوام ژمارەی کارە موزیکیە جوانەکانمان لە زیادبوندابێت , تا لەدنیای بێگەردی موزیك بێبەش نەبین .

کوردستان نێت : دیاری تا ئێستا چەندین کۆنسێرتی لە هەولێر و سلێمانی سازکردووە , لەگەڵ زۆر بونی ژمارەی کوردەکان لە ئەوروپادا , ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لەوێش کۆنسێرت سازبدەیت ؟

دیاری قەرەداغی : من کە بێمە سەر باسی گێڕانی‌ئەو کۆنسێرتانە , لەشتێکی بێ مانا دەچێت , نامەوێ باسی ژمارەی کۆنسێرت و ژمارەی ئامادەبوان و ڕادەی سەرکەوتنیان بکەم , ئەوانە هەمووی جێ دڵێم و وەڵامیان نادەمەوە , تەنها ئەوەی لەسەر کۆنسێرتەکانم قسە بکەم ئەویش ئەو ویستەی منە بۆ جۆرێ لەتەحەداکردن لەگەڵ زورووف و ڕاگەیاندنی ئێمە , تۆ بڕوانە ڕاگەیاندنەکان دەیان بەرهەمی ناشرین پێشکەش ئەکەن کە دەکری لەوکاتەدا تۆ ( TV ) ەکان بکوژێنیتەوە , بەڵام کۆنسێرت سازدان وانیە , ئەو جەماوەرەی ئامادەی کۆنسێرتێك دەبێت بە حوسن و ڕەزای خۆی دێت , خەڵك خۆی دێت تا گوڵباران و چەپڵەبارانت بکات , خۆ ئەگەر چارەیان نەویستی ئەوە نایەن تا بەدیار گۆرانیەکی خراپتەوە دابنیشن ! ئەمە لە لایەك , لەلایەکی تر بەدیارکەوتنی جۆری جەماوەر و چۆنیەتی ئەو جەماوەرەی ئامادە دەبێت , من تاکە شانازیم بە کۆنسێرتەکانمەوە ئەوەیە کە جۆری ئەو جەماوەرەی کە ئامادە دەبێت زۆر جوان و تایبەتە ... ئەوەندە جوانن کە هەندێکیان دەبنە بەشێك لە سیمای کۆنسێرتەکانی ( دیاری ) . هەندێ جار دوای پڕبونی

هۆڵەکە هەست بەوە ناکەم کە ئەو ژمارە زۆرە لەخەڵك ئامادەبوە , چونکە جەماوەرێکی جوان و بێدەنگن ..هاتون گوێ لە من و هاورێکانم بگرن .
سەبارەت بە گێرانی کۆنسێرت لە دەرەوەی وڵات , ئەم کارە پێشتر دەبوایە کاربەدەستان بیریان لێ بکردایەتەوە و خەمخۆری بونایە , دەبو هەرهیچ نەبێت هونەریان بکردایەتە سەفیری شتە جوانەکان , نەوەك شەڕ و کاولکاری , دەبوایە دەنگی جوانی گۆرانی و ڕەنگی تابلۆو تامی شیعریان ببردایەتە دەرەوە نەوەکو دەیان کەس بۆ گەشت وسەفا و کات بردنەسەر !
هەمو جار ئەوان ( واتە دەسەلات ) دەیانوت , ئێمە ئەگەر هونەرمەندێك بنێرینە دەرەوەی وڵات ئیتر ناگەڕێتەوە , تۆ تەماشای ئەوترسە گەورەیە بکە , ترس لەنەگەڕانەوە !
بەهیوای ئەوەی ئاییندەی عیراق بە جۆرێك بێت کە پێویستمان بە هیچ دەسەڵاتێك نەبێت ( وەکو نەمان بو ) , خۆمان بە پێی خۆمان بگەڕێین وەدەنگ و ڕوخسارمان بۆ هەموو دنیا بەیان بکەین .

کوردستان نێت : ڕۆڵی ڕاگەیاندنە کوردیەکان ( بینراو و بیستراو ) چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟ بەتایبەتی هەر سێ کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکە ؟

دیاری قەرەداغی : من کارم بەوە نیە ئەو کەناڵانە چۆن کاردەکەن وچۆن سەرجەم ڕاگەیاندنەکان دەخەنە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە , ئەوە مافی خۆیانە کە پارتێك بێت و پرووپاگەندە بۆ بیروچۆنەکانی خۆی بکات , بەڵام مافی ئەوەی نادەمێ کەناوێکی وابداتە کەناڵەکەی یان ئارمێکی وابەکاربێنێت کە نیشانی بدات ئەمە تیڤیەکە گوزارشت لەهەمو کورد دەکات , بۆیە ئەگەر داخوازیەکم هەبێت ئەوەیە کە ئارمەکانیان بەناوی پارتەکانیانەوە دروست بکەن چونکە مەرج نیە هەمو کورد ( PUK , KDP, PKK) بێت .




کوردستان نێت : لەم ئەلبومە نوێیەدا هەردوو پێکەوە گوێبیستی گۆرانیەك بووین بە ناو نیشانی ( چرپەیەك بۆ ئەنفال ) , بە ڕای تۆ ئەمە پرۆژەیەك نیە کە درەنگ لە دایك بووە ؟

دیاری قەرەداغی :
ئا ؟؟!!
بۆچی چارەنوسە ئەنفالەکان ئاشکرابوە و من ئاگام لێی نەبوبێت ؟!
بۆ ؟؟!.. میمکە نەزیف* دوو کورە ئەنفالەکەی هاتونەتەوە و من ئاگادار نیم ؟!

بۆ ؟؟! ..زامی ژنە بێ مێردەکان ساڕێژ بون تا ئیتر من بۆیان نەگریم ؟!

بۆ ؟!! .. گوندە ئەنفالکراوەکان باوەشی نازو خۆشەویستیان بۆ کراوەتەوە .. تا من بێدەنگ بم ؟!

بۆ هیچ و هیچمان کردووە بۆ ئەنفال ؟! .. تا من ئەو تروسکە دەنگەشم ببڕم !

کوردستان نێت : دوا ووتەت بۆ کوردستان نێت چیە ؟

دیاری قەرەداغی : ئەو سایتە جوانەی کەهەمیشە حەز بەبینینی ئەکەم وزۆر کاری جوانی تیادا کراوە .. زۆر دڵسۆزانە کاری بۆ دەکرێت , بەهیوام پارێزگاری لێ بکەین , تەمەن درێژی وسەرکەوتن بۆ کارگێڕان و دەستەی بەڕێوەبردنی دەخوازم .. سوپاسێکی زۆریش بۆ تۆی زۆر هونەردۆست .

- میمکە نەزیف : بەسەرهاتی ئەو ژنە دوو کوڕ ئەنفالکراوەی گوندی شێخ لەنگەرە , کە هەمو ئاوازەکەم بۆ ئەو داناوە .

هونەرمەند لە چەند دێرێکدا :

- ساڵی 1967 لە سلێمانی لە دایک بوە.
- دەرچوی بەشی کوردی کۆلێجی زمانە لە زانکۆی سلێمانی .
- ساڵی 1993 یەکەم بەرهەمی تۆمارکردوە .
- خاوەنی چوار ئەلبومە کە ئەمانەن ( سەراب 1994, عەشق لێرە 1996, سەدەیەك بێ ئارامی 1997, بۆنی خاك 2000).
- دواهەمین بەرهەمی ئەلبومێکە بە ناونیشانی ( نیشتمانێ لە گوڵ ).
- تا ئێستا چەندین کۆنسێرتی لە هەولێرو سلێمانی سازداوە.
- خاوەنی چەندین وتاری هونەریە کە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکاندا بڵاوکراوەتەوە.
- خێزاندارەو کوڕێکی هەیە بەناوی (ئەلەند).
- سایتی هونەرمەند www.diaryqaradakhy.com